

### ئەشواق حامد یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان

# بە هیوام لە ڕێگای وەرزشەکەمەوە خزمەتی شارو وڵاتەکەم بکەم



***چۆن بوو رووت لە بواری وەرزش کرد؟**

- پێشووتر یاریزانی فوتساڵ بووم، بەڵام بەهۆی نەبوونی تیپی فوتساڵ لەم ناوچەیەی ئێمە، رووم کردە یاری باڵە و بوومە یاریزانی تیپی باڵە.

***بۆچی لەناو ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە یاری باڵەت هەڵبژارد؟**

-بە پێی تێپەڕبوونی کات حەزەکەم گۆڕا و ئێستاش زۆر خۆشحاڵم کە یاریزانی یاری باڵەم.

*** ئاستی یاری باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-تا رادەیەك لە چاو یارییەکانی تر بەرز نییە و ئەم یارییە پشتگوێ خراوە.

*** کردنەوەی کەمی پاڵەوانێتی ئێوە لەم یارییە سارد ناکاتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە تا رادەیەك ساردمان دەکاتەوە، چونکە تۆ هەر مەشق بکەیت، کە پاڵەوانیەتی نەبێت، بێگومان بێزار دەبیت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-کردنەوەی خول و خزمەتکردنی یاریزانانی باڵە و زیاتر گرنگی پێدانیان لە ئێستادا باشترین کارە بۆ بەرەپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان.




**لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە پاڵەوانێتی کەم دەکرێتەوە بۆ کچە وەرزشکاران، بەڵام لە دەربەندیخان کچە وەرزشکارانی ئەم شارە بە گەشبینییەوە دواڕۆژی خۆیان دەبینن بە ئامانجی ئەوەی بتوانن بگەنە لوتکەی وەرزشیی کوردستان، یەکێك لەم کچە وەرزشکارانەی کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان، کچە یاریزان ئەشواق حامدە کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی دەربەندیخانە و قوتابی قۆناخی ئامادەییە و خەونی زۆرە لەگەڵ یانەکەی و چاوی لەوەیە رۆژێك ببێتە یەکێك لە باشترین یاریزانەکان لەسەر ئاستی کوردستان، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** گرفتی وەرزشی کوردستان زیاتر لە چیدایە؟**

-وەرزشیش وەك کایەکانی تری ژیان بێ گرفت نییە، یەکێك لە گرفتەکانیش ئەوەیە بە درەنگی خول دەکرێتەوە کە ئەوەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر یاریزانان، هەروەها نەبوونی توانای دارایی و چەندین گرفتی تر هەن.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-تاوەکو ئێستا بۆم نەهاتووە.

***گرفتی یاری باڵە لە شاری دەربەندیخان چییە؟**

-لە دەربەندیخان گرفتێکی وا نییە، ئەوەی گرفتی دروست کردووە سەرەوەیە.

*** لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت؟**

-بە هیوام ببم بە یاریزانێکی زۆر باش و لە رێگای وەرزشەکەمەوە خزمەتی شارەکەم و وڵاتەکەم بکەم.

***بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-بەرنامەم تەواوکردنی خوێندن و زیاتر باشترکردنی ئاستمە لە یارییەکەی خۆم.

***قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر ئەم یارییە و یانەکەتان؟**

-قەیرانی دارایی تا رادەیەکی زۆر کاری کردۆتە سەر وەرزش، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێمە هەر بەردەوامین لە گەیاندنی پەیامەکەمان.

***لە رووی کۆمەڵگەو خێزانەوە تاچەندە هاوکارن بۆ وەرزشکردنی کچان؟**

-لە رووی کۆمەڵگەوە سەرەتا زەحمەت بوو، بەڵام ئێستا زۆر باشە و منیش خێزانەکەم زۆر پاڵپشتیم دەکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ بەسەرکردنەوەتان، بەهیوای کاری باشتر و زیاتر و خزمەتکردنی یاریزانانەکان، گوڵانیش رۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە خزمەتکردنی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان.

## دوو یاریزانی بەرشلۆنە نزیکن لە خولی ئینگلیزی



یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی هەوڵەکانی بۆ واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ دوو یاریزانی یانەی بەرشلۆنە دەستپێکردووە.
ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی بڵاویکردووە یانەی ئارسناڵ دەیەوێت گرێبەست لەگەڵ ئاردا تورانی تورکی و یاریزانی یانەی بەرشلۆنەدا مۆربکات و لە گواستنەوەی زستانەدا ئەو یاریزانە بۆ لەندەن بگوازێتەوە.
هەمان سەرچاوە بڵاویکردووە جگە لە یانەی ئارسناڵ یانەی لیڤەرپوڵیش تورانی تەمەن ٣١ساڵی دەوێت، بەڵام یاریزانەکەی بەرشلۆنە گرنگی بە گەنەرز دەدات.
بەپێی چەند سەرچاوەیەکی دیکەی هەواڵ، ئیدارەی یانە لەندەنییەکە گواستنەوەی رافینیاش ئامانجێکی دیکەیانەو دەیانەوێت لەگواستنەوەی زستانەدا یاریزانە تەمەن ٢٤ ساڵەکە ببەنە ریزەکانیانەوە.

## ڕۆما و یۆڤانتوس نزیکن لە گواستنەوەی یاریزانێکی ئەتلەتیکو مەدرید



هەردوو یانەی ڕۆما و یۆڤانتۆسی ئیتاڵی هەوڵەکانیان بۆ گواستنەوەی یاریزانێکی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی دەستپێکردووە.
ڕۆژنامەی کۆریری دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردووە یانەی ڕۆما تەواوی هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی خۆسێ ماریا خیمینێزی بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید چڕکردووە تاوەکو لە گواستنەوەی زستانەدا ئەو یاریزانە لە مەدریدەوە بۆ ڕۆما بگوازنەوە.
هەمان سەرچاوە بڵاویشیکردووە یانەی ڕۆما هەرچەندە لە هاوینی رابردوو شکستی هێنا لەگوستنەوەی یاریزانە تەمەن ٢٢ ساڵەکە، بەڵام گواستنەوەی ئەو بەرگریکارەیان دووپاتکردووە و جارێکی دیکە بۆ گواستنەوەی کەوتونەتە جوڵە.
ڕۆژنامەی توتۆ سپۆرتیش بڵاویکردووە یانەی یۆڤانتۆس دەیەوێت خیمینێز بباتە یانەکەی و جێگەی بۆنۆچی پێ پڕبکاتەوە، کەئەمەی دووەمیان لەماوەی رابردوودا یۆڤانتۆسی بەرەو میلان بەجێهێشت.
گرێبەستەکەی خیمینێز لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید هاوینی ٢٠٢١ تەواو دەبێت و نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەشی ٦٥ ملیۆن یۆرۆیە.



# میسی نزیکە لە شکاندی هەشت ریکۆرد

رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی لە راپۆرتێکدا ئەو ژمارانەی بڵاوکردووەتەوە کە لیۆنێل مێسی لە چاوەڕوانی شکاندنیاندایە، ژمارەکان:

١-باشترین گۆڵکاری مێژوویی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا مێسی لە ئێستادا خاوەنی ٩٧ گۆڵە، لەبەرانبەردا کریستیانۆ رۆناڵدۆ بە ١١٠ گۆڵ گۆڵکاری مێژوویی پاڵەوانێتیەکەیە.

٢-یەکەم یاریزان کە زۆرترین نازناوی لە مێژووی تۆپی پێدا بەدەستهێنابێت میسی تا ئێستا ٣٠ نازناوی بەدەستهێناوە، رایان گیگز وێلزی لە پێشەنگە و توانی ٣٦ نازناوی بباتەوە.

٣-یەکەم یاریزان زۆرترین جامەکانی ئەوروپای دەستەبەرکردبێت مێسی تا ئێستا چوار جامی بەدەستهێناوە، پاکۆ خینتۆی یاریزانی ریاڵ مەدرید شەش جامی هەیە، دی ستیڤانۆ پێنج جامی بردووەتەوە.

٤-یەکەم یاریزان زۆرترین نازناوی ئەوروپی هەبێت لیۆنێل مێسی تا ئێستا حەوت نازناوی ئەوروپای بەدەستهێناوە، دانی ئەلڤێس و ماڵدینی و ئاری هان هەریەکەو نۆ نازناوی ئەوروپییان هەیە.

٥-باشترین گۆڵکاری یانەیەك مێسی لە ٦٠٠ یاریدا بەدرێسی بەرشلۆنەوە ٥٢٣ گۆڵی تۆمارکردووە، جێرد مۆلەر خاوەنی ٥٢٥ گۆڵە و جۆزێف بیکان ٥٣٤ گۆڵ و پیلی لەگەڵ سانتۆس ٦١٩، گۆڵ.

٦-یەکەم یاریزان زۆرترین یاریی بۆ بەرشلۆنە کردبێت مێسی تا ئێستا ٦٠٠ یاری بەدرێسی بەرشلۆنەوە ئەنجامداوە، ئینیێستا ٦٤٢ یاری و چاڤی ٧٦٧ یاری.

٧-یەکەم یاریزان زۆرترین سەرکەوتنی لە ئیسپانیا تۆمارکردبێت کاسیاسی گۆڵپارێزی پێشووی ریاڵ مەدرید ٣٣٤ سەرکەوتنی هەیە، زۆبیزارێتا ٣٣٣ سەرکەوتن و راوول ٣٢٢ سەرکەوتن سانچێز ٣١٢ سەرکەوتن، مێسی تا ئێستا ٢٩٨ سەرکەوتنی هەیە، بە ٣٧ سەرکەوتنی دیکە ئەو ژمارەیەش دەکات بەناوی خۆی.

٨-خاوەنی زۆرترین پێڵاوی ئاڵتونی میسی لە ئێستادا لەگەڵ کریستیانۆ رۆناڵدۆدا خاوەنی چوار پێڵاوی ئاڵتونییە، بەرای چاودێران ئەمساڵ مێسی دەیکات بە پێنج، بەو پێیەی دوای ١١ هەفتە بەسەر دەسپێکی لالیگادا ١٢ گۆڵی هەیەو رۆناڵدۆ تەنیا گۆڵێکی هەیە.





# یونس شوکر ئەمساڵ لە هەولێر دەبێت

یونس شوکر یاریزانی یانەی گازی باکوور بۆ ئەمساڵ لە هەر دوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و نایابی عێراقی گرێبەستی لەگەڵ یانەی هەولێر واژوو کردووە، بۆ ئەوەی بە درێسی یانەی هەولێر لە هەر دوو خولە گەورەکە شان بەشانی یاریزانانی شاری هەولێر بەرگری لە درێسی یانەی هەولێر بکەن.

یونس شوکر هەر چەندە لە وەرزی ٢٠١١ لە ریزی یانەی هەولێر لە خولی عێراقی یاری کردووە، دواتر ریزی یانەکەی جێهێشت، بەڵام ئەمساڵ پەیوەندی بە یانەکە کردۆتەوە. کارگێڕیی یانەی هەولێر بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەر دوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراق، سەرجەم ئەستێرەکانی یانەکەیان لە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هێناوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە لە خولەکە بەدەست بهێنن، لەبارەی پەیوەندیکردنی بە یانەی هەولێریش یونس شوکر بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەمساڵ هەرچەندە گرێبەستی ترم هەبوو، بەڵام من گرێبەستی یانەی هەولێرم هەڵبژارد، چونکە یانەی هەولێر یەکێك لە یانە هەرە بەهێزەکانی عێراق و کوردستانە، جگە لەوەش من ماوەیەکی زۆرە ماڵم لە هەولێرە و دەمەوێت لە شاری هەولێرەوە خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم.» گوتیشی: «ئێستا یانەی هەولێر زۆر بێ کێشەیە و کۆمەڵێك یاریزانی زۆر بەتوانای لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق هەیە، بۆیە ئومێدی زۆرم بەم یاریزانانە هەیە کە هەموومان بە یەکەوە دەتوانین کاری باش بکەین بۆ بەرزکردنەوەی ناوی هەولێر لە خولی نایابی کوردستان و عێراق.» گوتیشی: «زۆر ئاسوودەم لە شاری هەولێر و دەمەوێت زۆرترین خزمەت بە وەرزشی شارەکە بکەم.»



# وەرزشکارێکی کورد دەچێتە ریزی یانەی شورتە

محەممەد جەبار یاریزانی تایکواندۆی شاری کەرکووك ئەمساڵیش گرێبەستی لەگەڵ یانەی شورتەی شاری بەغدا نوێ کردەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە وەرزشکردن لەگەڵ ئەو یانەیە و بەشداریکردن لە زۆرترین پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی عێراق، محەممەد جەباری یاریزانی کورد ماوەی چەند ساڵێکە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقی یاری دەکات، ئەمساڵیش بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە گرێبەستەکەی تازە کردۆتەوە. لە بارەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی و یاری نەکردن لە ریزی یانەکانی کوردستانیش محەممەد جەبار بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەمساڵ بۆ ماوەی یەك وەرز گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەی شورتە تازە کردۆتەوە، بەڵام پێم خۆش نییە بڕی گرێبەستەکە ئاشکرا بکەم، هۆکاری هەڵبژاردنی یانەی شورتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا باشترین یانەیە لە عێراق و تاکە یانەیە لە زۆرترین پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی بەشداری دەکات، هەر ئەمساڵیش بەشداری پاڵەوانیەتی تورکیای نێودەوڵەتی و یانەکانی ئاسیا و فەجری نێودەوڵەتیم کردووە لە ئێران، ئەنجامی دڵخۆشکەرمان بەدەست هێناوە، هۆکارێکی تریش ئەوەیە سوپاس بۆ خودای گەورە کە لە ریزی یانەی شورتە بووم و وەک یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی بەشداری پاڵەوانیەنی ئاسیام کردووە لە هۆڵە داخراوەکان لە وڵاتی تورکمانستان ئەوەش بۆ من هەمووی دەستکەوتە، رەنگە ئەگەر لە یانەیەکی تر بوومایە، نەمدەتوانی بەشداری ئەم هەموو کێبڕکێیە بکەم.» گوتیشی: «بۆ من جێگای شانازییە کە وەکو یاریزانێکی کورد و کەرکووکییەك بتوانم بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی بکەم و لە وڵاتانی دەرەوە ناوی خۆم و نەتەوەکەشم بەرز بکەمەوە، دواتریش یاریکردن لە ریزی یانەیەکی وەکو شورتە بە خۆی جێگای شانازییە، چونکە یەکێکە لە یانە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراقیش و چەندین یاریزانی بەتوانای هەیە، ئێمەش دەتوانین شان بە شانی یاریزانانی یانەکە ئەنجام و میدالیای جۆراوجۆر بەدەست بهێنین، زۆریش ئاسوودەم لە یاریکردن لە ریزی یانەی شورتە و هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە بتوانم باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم.»



# زاخۆ بەشداری خولی نایابی عێراق دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ دوای ئەوەی وەرزی رابردوو توانی وەکو نوێنەری سەرجەم یانەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بکات و پلێتی مانەوەی لە خولەکە مسۆگەر کرد، ئەمساڵیش تیپەکە دەیەوێت بە تیپێکی تۆکمە و ئیدارەیەکی تازەی وەرزشی بەشداری لە کێبڕکێیەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراق بکات، بۆیە تیپەکە ماوەی چەند هەفتەیەکە دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردووە بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز دروست بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەکانی یانەکانی تری خولەکە، ئەگەرچی تا ئێستا شێوازی خولەکەش دیاری نەکراوە بەڵام یانەی زاخۆ پێویستی بە هیچ بڕیارێک نییە بۆ بەشداریکردن، چونکە خۆی مانەوەی مسۆگەر کردبوو، بۆیە تیپەکە ئەمساڵ دەیەوێت تیپێکی بەهێز و رکابەر بێ لە خولەکە، لەبارەی بەشداریکردنیش بارزان مستەفا سەرۆکی یانەی وەرزشی زاخۆ گوتی: «ئێمە پێویستمان بە هیچ بڕیارێك نییە بۆ بەشداریکردن، چونکە وەرزی رابردوو مانەوەمان لە خولەکە مسۆگەر کردبوو، ئەگەر هیچ بڕیارێکی سیاسی نەدرێت بۆ بەشداریکردن، یاخود هیچ هەڕەشەو گوڕەشەیەك لە تیپەکەمان و یاریزانان نەکرێت، ئەوا بەشداری خولەکە دەکەین.» گوتیشی: «تیپەکەمان بەردەوامە لە ئامادەکاری بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش ئامادەکارییەکانمان بکەین، چونکە ئێمە شارەزایی تەواومان لەسەر خولەکە هەیە.»